# پیرۆز بێت هەشتەمینساڵیادی دامەزراندنی یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان

# YXNK

- خوێندەڤانانی زانستخوازو ولاٌتپارێز ...
- مامۆستایانی هێژا ...

بە بۆنەی هەشتەمین ساڵیادی دامەزراندنی یەکێتیمان ( یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان YXNK )، جوانترین پیرۆزبایی ئاراستەی سەرجەم خوێندەڤانانی کوردستان دەکەین‌و سلاٌوی رێزو وەفاداریش بۆ گشت مامۆستایانی ناوەندەکانی خوێندن دەنێرین‌و ئەم یادە شکۆدارە لە هەموو ئەندامان‌و لایەنگرانی یەکێتیمان YXNK پیرۆز دەکەین .

**خوێندەڤانانی هێژا ...**

یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان YXNK هەشت ساڵ بەر لە ئەمڕۆ لە لایەن ژمارەیەك خوێندەڤانی بە تواناو رۆشنبیرو ولاٌتپارێز هاتە دامەزراندن ، بۆ ئەوەی لەتەك رێکخراوەکانی خوێندەڤانان‌و رێکخراوە جەماوەری‌و پیشەییەکانی تر زەمینەی کۆمەڵگایەکی مەدەنی‌و تەندروست بێنێتەکایەوەو ببێتە فاکتەرێك بۆ وشیارکردنەوەی خوێندەڤانان بەبیری نەتەوەیی ، لەهەمان کاتدا ببێتە هاوکارو پاڵپشتێکی بەهێز بۆ خوێندەڤانان بەگشتی لە پێناو برەودان بە ئاستی زانستی‌و وشیاری لە ناوەندەکانی خوێندندا ، لەبەر ئەوە YXNK لە ماوەی رابردوو توانی ببێتە دەنگێك بۆ گشت خوێندەڤانان‌و بووە مێنبەرێك بۆ داواو مافەکانی بەشی هەرە زۆری خوێندەڤانان ، هەروا YXNK تەنیا گرنگی بە خوێندەڤانانی باشووری ولاٌت نەدەدا بەڵکو ببوە خەمخۆری خوێندەڤانانی بەشەکانی تری کوردستان بەکاری هاوبەش‌و پاڵپشتی کردنیان لە وەرگرتنیان لە ناوەندەکانی خوێندن بە تایبەت ئەو خوێندەڤانانەی بە هۆی سیاسەتی داگیرکاری نەتەوەکانی سەردەست نەیانتوانی درێژە بە خوێندنیان بدەن و روویان کردە باشووری کوردستان ، لە هەمان کاتدا YXNK جێ پەنجەی دیار بوو لە نێو فیدراسۆنی خوێندەڤانان بە تایبەت بۆ یەکلایی کردنەوەی ئەو پرسانەی پەیوەندی راستەوخۆیان بەکاروباری خوێندەڤانانەوە هەبوو ، رۆژنامەی ئاڤێستا کەزمانحالی YXNK یە بووەتە مینەبەرێك بۆ سەرجەم خوێندەڤانانی کوردستان بۆ گوزارشت کردن لە راوبۆچوون‌و داخوازییەکانیان .

لەهەشتەمین ساڵیادی دامەزراندنی YXNK ، رێکخراوەکەمان بە گڕوتینێکی زۆرەوە درێژە بە رێبازی پەرەوەردەیی‌و رۆشنبیری‌و نوێخوازی‌و زانستییانەی خۆی دەدات لە پێناو پێگەیاندنی نەوەیەکی تەندروست‌و بەسوود بۆ کۆمەڵگاکەمان ، هەروا هەوڵدەدات ببێتە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ گۆڕین‌و بە سەردەمانە کردنی پرۆگرامی خوێندن‌و گەرەکە بە هەموو لایەکمان‌و بەتایبەت لایەنی پەیوەنددار گرنگی زیاتر بە ناوەندەکانی خوێندن‌و پرۆگرامی خوێندنی ناوچە تازە ئازادکراوەکانی باشووری کوردستان بدات ، چونکە ئەم ناوچانە لە دوای رووخانی رژێمی بەعس تا ئێستا بە پێی پێویست کاریان بۆ نەکراوەو پێداویستییەکانیان فەراهەم نەکراون ، هەروا داوا لە خوێندەڤانان دەکەین لە ساڵی تازەی خوێندن هەوڵی زیاتر بدەن‌و ئاستی زانستی‌و رۆشنبیری خۆیان بەرزبکەنەوەو چەکی زانست بکەنە هۆکارێك بۆ پێشکەوتنی ولاٌت‌و هەنگاونان بەرەو سەربەخۆیی کوردستان .

**مەکتەبی سکرتاریەت**

**یەکێتی خوێندەڤانانی نەتەوەیی کوردستان**

YXNK

17 ی / گەلاٌرێزان / 2705 ی کوردی

8 / 11 / 2005 ی زایینی